ئەفراسیاب گرامی

# تراژدیای نەوەیەك و بێدەنگی هەزارەیەك

**"...و مادام ئامادەن بۆ نەتەوەی خۆت، گیانی خۆت بەخت بکەی، ژیانی نیشتمانتان هەرمان دەبێ".(مازینی، ١٨٧٢-١٨٠٥)**

*رووخان و تێکشکانی شان و شکۆی پووشاڵیی دیکتاتۆرەکان، جێژن و شادییەکی زۆری بە دواوەیە و کاتێ پەیکەری دیکتاتۆری بە دەستی نەوەیەکی ئازادیخوازەوە وردوخاش ئەبێت، شادیی سەرانسەری وڵات و نیشتمان دادەگەرێ. نەوەیەك لە ژێر ستەم و بێدادی دیکتاتۆرییدا، بە خوێنی خۆی داری ئازادی هێناوەتەبەر هەتا تروسکاییەك ڕووناکی و خۆری ئازادی بدات لە سیمای رووشاو و دیکتاتۆرلێداروی مێژووەکەیەوە. بەڵام کێ هەیە چاوەڕوانیی ئەوە بکات خەونی بەهاری ئازادی، ماتەمینی خەزانی لێ بنیشێ و نەوەکانی پاش شۆڕش بەردەوام سەرکوێر بکات. بەڵام ئەوە خولیای مرۆڤە کە بۆ گەیشتن بە ئازادی بەردەوامن و هەمیشە لە ڕێگای گەیشتن بە ئازادییەکانیان بێوچان خەبات دەکەن و پلینگئاسا بەگژ سامی دیکتاتۆریدا دەچنەوە و فەسڵێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشان دەخەنەوە ڕێ. ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان و سیستەمە ئیدۆلۆژییە ڕەگداکوتاوەکان، کە بێ هیچ چەشنە پاراستنێکی مافی مرۆڤ و ئەخلاقێکی ئینسانی لە ڕێگای دەسەڵاتی ستەمکارانەوە، دەست لە هەموو بیاڤە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییەکانی جڤات وەردەدەن، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی قەیرانێکی قووڵ دەکەنەوە.

** ئێران لە بەردەم گۆڕانکارییدایە و قەیرانێکی قووڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی یەخەی کۆماری ئیسلامی گرتۆتەوە و فەسڵێکی نوێ لە ئێعدام و سەرکوت بەرۆکی لاوانی ئازادیخوازی ئێران و کوردستان بەتایبەتی گرتۆتەوە.سەرکوتی بزاڤی خوێندکاریی لە ١٦ سەرماوەز، نارەزایەتییەکانی ئەم دواییانەی پاش هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لە ئێراندا، ویست و داخوازییەکانی خەڵکی لە چوارچێوەی دروشمەکانی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" خۆی نواند. ئەمەش بووە هۆی سەرکوتکردنی توندی خۆپیشاندەران لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە و لە ئاکامی ئەو سەرکوتکردنەشدا کۆمەڵێك کوژران و بریندار و گیرانی هاووڵاتییانی لێکەوتەوە. ئاکامی ئەم شانۆگەرییە و خرۆشانی خەڵك، جیا لەوەی کە لە ناوخۆی وڵات بوو بە هۆی بەزاندنی هێندێك کۆت و بەندو شکانی هەیبەت و قەوارەی بە ڕواڵەت لەشکان نەهاتووی دەسەڵاتی ئیسلامی، لە ئاستی نێونەتەوەیی و ناوچەییشدا، قەیرانی ڕەوایی ڕێژیم دوو ئەوەندەی دیکە قووڵ بووەوە. هەموو ئەم قەیرانانەی کە داوێنگری ئێران و کوردستان بوونەتەوە، قوربانیی سەرەکییان توێژی ئەکتیڤ و بونیادنەری داهاتوو، لاوانن. ڕەوشی لاوان لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لە دۆخێکی نالەبارداییە و ژیانی دەیان و بگرە سەدان لاو لە ئێران و کوردستاندا لە مەترسیدان. "بۆ نموونە لە سێ مانگی دواییدا نزیك بە ٦٠ کەس لە خەڵکی سڤیل کورد بە دەستی هێزەکانی سەرکوتکەری ڕێژیم کوژراون و ٢٨ کەسی دیکەش بریندار کراون. نزیکی ٨٠ کەس لە چالاکانی مەدەنی و مافی مرۆڤ بە تاوان"دژی ئەمنییەتیی میللی" دەستگیر کراون کە ٣٠ کەس لەوان بە حوکمی قورس مەحکووم کراون. ئێحسان فەتاحیان لە ١١ی مانگی نوامبری ٢٠٠٩دا، لە زیندانی شاری سنە دا ئێعدام کرا. ئەوە لە کاتێکدایە کە ١٥کەسی دیکە لە زیندانیانی سیاسیی کورد کە لە لایەن ڕێژیمەوە بە ئێعدام مەحکووم کراون"(وتاری د.خسرو عەبدوڵڵایی، نوێنەری حدکا لە کۆبوونەوەی ڕێکخراوی ئەنترناسیونال سوسیالیستدا)، چاوەڕوانی مەرگن.

ئێعدام و ئەستاندنەوەی گیانی مرۆڤەکان، ئەشکەنجە و سەرکوتی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دیاردەیەکی نوێ و تازە نیە لە کوردستاندا بەڵکوو وەکوو سیاسەتێکی سەخت ئەفزاری کۆماری ئیسلامی بووە لە هەمبەر توانەوەی نەتەوەی کورددا. لە سەرەتاکانی هاتنە سەرکاری کۆماریی ئیسلامییەوە، قەیرانە نێوخۆییەکان دەستەودامێنی دەسەڵاتی ئاخوندەکان بووە و هەڵاواردنی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئابووری لەوپەڕی خۆیدا خۆی نواندو نەتەوەکانی ئێران لە مافی پەرەسەندن بێبەش کران و کەوتنە بەر شاڵاوی سەرکوت، ئێعدام، کاولکاریی و ژینۆسایدەوە. بزووتنەوەی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازیی و بزووتنەوە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان لە هەناوی ئەم قەیرانە چارەسەرنەکراوانەوەی مێژووی کۆن و هاوچەرخی ئێرانەوە، سەرانسەری ئێرانی گرتەوە. لە کاتێکدا جیهان بە هۆی پرۆسەی مۆدێرنیتەوە کۆڵەکەکانی داهێنان و پێشکەوتنی دامەزران، لە ئێراندا بە هۆی هاتنە سەرکاری سیستمێکی توتالیتاریزمی ئیسلامییەوە بونیانەکانی کۆمەڵگای نەریتسالارو دواکەوتوو وەکوو خۆی مایەوە، مۆدێرنیتە بە خێرایی کەوتە خزمەتی عەقڵیەتی دواکەوتوو و ئەمەش توتالیتاریزمی ئایینی گەیاندە تەشقی خۆی.

سەرکوت، ئێعدام، ڕەشەکوژی، کۆمەڵکوژیو ... لە کوردستاندا لەهەمان سەرەتاکانی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران (١٣٥٧)ەوە دەستی پێکرد. دوای قەتڵوبڕی خەڵکی قارنا و قەڵاتان و بەڕێوەبردنی فتوای خومەینی لەمەڕ کوشتاری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و

(کۆمەڵکوژی دەیان گوند لە ناوچەکانی کرماشان، نەغەدە، مەهابادو ورمێ)، "لە نێوان ساڵەکانی ١٣٥٨ ـ ١٣٧٠، ٨٣٢ کەس لە کوردستان تیرباران کران و لەم ژمارەیە ٣٩٩ کەسیان لایەنگرو ئەندامی حیزبی دێموکراتو ٢٠٩ کەسیان لایەنگری رێکخراوی کۆمەڵە بوونو ١٨٢ کەسیان خەڵکی سێڤیل و یان شوناسی سیاسیان دیاریکراو نەبووە(شەهابەدین شێخی،٣٠ ساڵ ئێعدامی سیاسی لە کوردستاندا)". کە دەتوانین بەرچاوترینو دڵتەزێنترینیان لەسێدارەدانی ٥٩ لاوی مەهابادی ناو ببەین کە لە رێکەوتی ١٣٦٣/٣/١٢دا، ئێعدام کران. بە پێی ئاماری رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ساڵی ١٩٧٩ ـ ١٩٩١، ٥٠هەزارکەس لە کوردی رۆژهەڵات کوژراون، کە لەو کاتەوە هەتا ئێستا بە دەیان و سەدان کەس لە کوردستاندا ئێعدامکراونو بێسەرو شوێن کراون.

رژێمی تیرۆرسیتپەروەری ئاخوندی تەنیا لە ناوخۆی وڵات لەم شێوەکارە کەڵکی وەرنەگرت، بەڵکو لە دەرەوەی وڵاتیش، دەستی تاوانی درێژکرد و بە سەدان کەس لە ئازادیخوازانی کوردی لە وڵاتی جۆراوجۆردا کوشت. بۆ نموونە لە ساڵی١٩٨٩دا لە ڤییەن، پێتەختی ئوتریش، بە ناوی وتووێژ بۆ چارەسەرکردنی پرسگری کورد، د. قاسملوو، سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، عەبدوڵڵای قادری و د. فازل رەسووڵیان تیرۆرکرد. هەروەها لە ٢٦ی خەرمانان (١٧ی سیپتامبری ١٩٩٢)دا لە بەرلین و لە کاتی بەشداری لە کۆبوونەوەیەکی دۆستانەدا، د. شەرەفکەندی، سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و سێ کەس لە هاورێیەکانی بە ناوەکانی فەتاح عەبدولی، همایون ئەردەڵان و حوسێن نووری دێهکوردی، بەدەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران کوژران. بێجگە لەوە لە باشووری کوردستان بەدەستی مرۆڤکوژەکانی کۆماری ئیسلامی، زیاتر لە ٣٠٠ کەس لە کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان تێرۆر کران.

*** دوای ئەو هەموو ماڵوێرانیو قاتو قڕیو کوشتو کوشتارەی کە بە هۆی شەڕی یەکەمو دووهەمی جیهانییەوە، هەموو جیهانی گرتەوە، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژێر گوشاری بیروڕای گشتی خەڵکی جیهاندا، لە ١٠ی دێسامبری ١٩٤٨ (١٩ی سەرماوەزی ١٣٢٧ی هەتاوی)دا، جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤی بلاوکردەوە کە لە پێشەکییەکو ٣٠ بەند پێکهاتبوو(ماددەی ١و ٢هەم، چاودێری بەسەر تەواوی ئەسڵە بنەڕەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ دەکا، ماددەی ٣هەم هەتا ٢١ەم، چاودێری بەسەر مافە مەدەنیو سیاسییەکان دەکات، ماددەی ٢٢ هەتا ٢٧ەم، بریتییە لە مافە ئابووری، جڤاکیو کولتوورییەکانو ماددەی ٢٨ هەتا ٣٠یەم، چوارچێوەیەکی گشتییە بۆ پاراستنی جیددی لە پێناو لەبەرچاوگرتنی هەموو مافەکانی مرۆڤە). جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ، بانگەشەیەك بۆ ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و ئارمانجێکی هاوبەشی جیهانی بۆ ئازادی، ئاشتی، تەناهییو یەکسانی لە پێناو بەرگریکردن لە خوێنرێژیو قاتو قڕییە مرۆڤانییەکان بوو. پاش ٦١ ساڵ تێپەڕبوون لە پەسندکردنی جاڕنامەی جیهانیی ماف مرۆڤ، بۆ بە فەرمی ناسینی ئابروو و کەرامەتی زاتیی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیو مافی وەکوو یەکو حاشا لێنەکراوی مرۆڤەکان، هەنووکەش وەبەرچاونەگرتنو سووکایەتیکردن بە مافەکانی مرۆڤ، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ریزی هەرە پێشەوەی پشێلکەرانی مافەکانی مرۆڤە.

لەم هەزارەیەدا کە بە سەردەمی تێکنۆلۆژیی و گۆڕانکارییە خێراکان بەناوبانگەو گوندی جیهانی لە نێو تۆڕە جیهانییەکانی ئێنترنێت، تەلەڤیزیۆندا خۆی دەنوێنێو سنوورە سیاسییەکانی کەمڕەنگ کردۆتەوە، لەم هەزارەیەدا کە هەموو گرووپو رێکخراوێکی نێونەتەوەیی خۆیان بە پارێزەری ماف مرۆڤ دەزاننو بانگەشەی ئاشتیی و هێمنایەتی بۆ جیهانییان دەکەن، بەڵام پاش ٦١ ساڵ لە دەرچوونی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ، هێشتا لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستو بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە، مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و کوردستاندا بە توندی پێشێل ئەکرێت، کەچی بێدەنگی لێ دەکەنو کوێرو کەڕ بوون لە بەرامبەر ئەو هەموو تراژدیایەی نەتەوەیەکدا. تراژدیایەك کە بە درێژایی مێژوو نەوەیەك ئەینووسێتەوەو خۆی ئەخواتەوەو لە پێناو تروسکاییەك ئازادی خوێنی لەبەر دەچۆڕێ. سەرمایەیەك کە دەسکەوتی ئارمانجی سیاسیو بەشداریی سیاسیی نەتەوەیەك لە گۆڕەپانی سیاسیدایە، سامانی نەتەوەیەك کە بەرهەمی خەباتێکی رەوایەو بە درێژایی مێژوو هەتا ئەمڕۆ درێژە بە خەبات دەداتو سەردەمی جیهانیبوونی مافەکانی مرۆڤو دێموکراسی بێدەنگی بەرامبەر دەنوێنێ. بەڵام نەتەوەی کورد لە ئەستەمترین ساتەوەختە مێژووییەکاندا لە پێناوی ئازادیدا درێژە بە خەبات دەدات. بێدەنگی لە بەرامبەر ئەم هەموو هاوارەدا، ئەوڕۆکە سەرمایەو سامانی نەتەوەیەك بەتاڵان دەچێتو نەوەیەك رووبەڕووی تراژدیای مەرگهێنەر دەکرێتەوەو خەونو خولیای ئایندەی نەتەوەیەك سەرکوێر دەکرێت، بەڵام شەرمەزاری بۆ مێژوو ئەمنێتەوە کە لەبەرامبەر تراژدیای نەوەیەکدا، هەزارەیەك بێدەنگی لێ کرد.

**" ئەو کاتەی ئاینده دەستی بە نیگای پەتی سێدارەوە گرت**

**شاخ هەستایە سەر پێو شار کوڵەباڵی لەبەر کرد..."**